# ئایا مارکس میذوو نووس بوو؟

ژان شنو-و

له فارسیه‌وه هیوا.م

(مارکسیسم ئافراندنێکی به‌رده‌وامه له‌سه‌ر بنه‌مای کرده‌ی کۆمه‌لأیه‌تی, نه‌ك "وتارێك ده‌رباره‌ی مێژووی جیهان" یان شێما تیزمی (schematism)درووێنی "پێنج قۆناغه". مارکس راسته‌وخۆ له هه‌نووکه‌وه ده‌بزوێ, ئه‌و "مێژوو نوسێکی مارکسیست" نییه ولێکدانه‌وه‌که‌شی بریتیه له ئه‌ندێشه‌ی تاریخی له‌باره‌ی هه‌نووکه‌وه له‌بۆ گۆرینی).

تیۆری شۆڕشگێڕانه‌ی مارکس‌و ئه‌نگێلس که له کرده‌وه‌دا به‌هۆی رۆزا لۆگزامبۆرگ‌و لینین, گرامشی‌و مائوتسێ دۆن په‌ره‌ی سه‌ند, تیورییه‌که, که له‌سه‌ر بناغه‌ی میژوویی راوه‌ستاوه.

تیۆریسیانه‌کانی مارکسیسم به‌راڤه‌ی هاوکاتی کۆمه‌ڵگای خۆیان‌و هه‌روه‌ها قۆناغه‌کانی رابوردووی مێژوویی کۆمه‌ڵگای مرۆڤایه‌تی توانیویانه ئامانجه‌کان, رێگا کان‌و ئومێده‌کانی ململانێی دژ به دیسپلینی بۆرژوایی‌و چه‌وساندنه‌وه‌ی سه‌رمایه‌داری, به‌مه‌به‌ستی

**زۆربەی وڵاتان لەسەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا بەتەنیا خشتەی فۆرمی ناکاملی فیۆدالیزمن و زیاتر وڵاتانی جیهانی سێیەم تەنیا نموونەی نوقسان و بچووکی سیستەمی سەرمایەدارین**

بونیادنانی کۆمەڵگای سوسیالیستی (یان کۆمەڵگا سوسیالیستییەکان) پێناسە بکەن. دەتوانرێ چەمکە بنەرەتییەکانی ماتریالیستی مێژوویی دەربارەی کۆمەڵگا ناسراوەکانی مێژوو, بۆ وێنە ئەو کۆمەڵگایەی ئێمە تیایدا دەژین بەکاربهێنرێ. ئەم چەمکە بنەرەتییانە ئافراندنی بێ پسانەوەن. ئەم چەمکانە لەهەر قۆناغێکی گرنگی بەربەرەکانی بۆ سوسیالیزم زیاتر بووە. لینین پەنجەی سووربوونی لەسەر دژایەتییە نیونەتەوەییە ئاشکراکانی سەرمایەداری, واتە شوێنەواری نا هاوسەنگی تەشەنە جیهانییەکەی و ململانێ لەنێوان ئەمپریالیزمی و گەلانی زوڵم لێکراو دا دانا.
گرامشی لەگەرمەی بەر بەرەکانێی کرێکارانی رۆژئاوادا لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانی, (هەمیشە) ئالۆزیی روو کارەکەی باس کردووە: کۆمەڵگای "مەدەنی" (خێزان, کەلتوورو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان) لەبڕوای ئەودا ناسکترە لە کۆمەڵگای "سیاسی"و دەتوانێ ببێتە ئامانجی سەربەست, دەنا پێشەنگ لەبۆ چالاکی شۆڕشگێرانە. رووناکبیران دەتوانن لەچینی حوکمڕان و ئایدیۆلۆژی دابڕێن و لەتەك چینەکانی زوڵم لێکراوو هەروەها شۆڕشدا پێوەندی ئورگانیك ببەستن.
کومۆنیزمی چین کە بە پێشقەچوونە سیاسیەکەی بەسەر گشت بزوتنەوە سوسیالیستیەکەی سەدەی بستەمی زاینیدا سێبەری داهێشت, کاریگەری ئافریندراند و پلەیەکی لە پێشبردنی مارکسیزم دا دانا: وەك تێگەیشتنی "جێگری سیاسەت لە فەرماندەییدا" کە رۆڵی وشیاری گشتی لەپێوان بەزەبری ئابوریدا نیشاندا, تایبەتمەندی گشتی دژایەتیەکان. بارستی سیاسی جوتیاران, دۆڕانی حکومەت و حیزب لەوڵاتە سۆسیا لیستەکان لەدژایەتیکردن لەگەڵ سەرهەڵدانی بۆرژوازی تازە پێگەیشتووی شازدا, توانای گەرانەوە یان کەنسێل کردنەوەی دەسکەوتە سوسیالیستەکان مادام کە ژینگەی جیهانی سەرمایەداری هەیەو پێوەندێکان "یاساکانی بۆرژوایی" لەناوخۆدا هەروا لەسەر پێیە. چەمکە بنەرەتیەکانی مارکسیزم شێوازی بەرهەمهێنان, ململانێی چینایەتی, رۆڵی دیار

یکەری هۆکاری ئابووری لەدوایین شیکردنەوەداو تایبەتمەندی گشتی دژایەتییەکان نەلە "مۆدکەوتوو"ن نە "کۆن بوو"ن بە پێچەوانەی ئەوەی نەوە دوا لەدوای یەکەکانی رووناکبیرانی فەرانسە دوای نیشتنی شەپۆلەکانی (شۆرش) 19-1917, بەرەی گەلان, یان "رسکانی فەرانسە" لە ساڵی 1945, یان مانگی مەی ساڵی 1968, نائومێدانە دووپاتیان کردۆتەوە. هێشتا راڤەی مێژووی چین یان کۆماری پێنجەمی فەرانسە, بەبێ پشت بەستن بەشێوازی بەرهەمهێنانی زاڵ لەهەر یەك لەم وڵاتانە, یان بە پێوەندێکانی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان, پێوەندێکانی بەرهەمهێنانو رووکار, یان بە رۆڵی پرۆسە ئابوورییەکان, ململانێی چینایەتی, یان بەدژایەتیە سەرەکیو لاوەکیەکان نامومکینە. لێ ناسینی هەموو ئەمانە تەنیا دەسپێکی کارەکەیە. ئەو ئەرکەی دەمێنێتەوە بریتییە لەباسو روونکردنەوەی هەموو شتێك لەچوارچێوەی بارودۆخی دیارو بەرچاودا.

بۆیە لەگەڵ ئەوەی تیۆری مارکسیستی لەسەر بنەمای مێژوویی راوەستاوە, مارکسیزم "تیورییەکی مێژوو" چیرۆك بێژ "گوتار دەربارەی مێژووی جیهان" کە زۆربەی مێژوو نووسان بەتاسەوە خوازیاری ئەون. نیە. بەواتایەکی تر, رۆڵی سەرەکی مارکسیزم ئەوەنیە-وەنەشبووە- کە روونکردنەوەی گشتی, وشكو " گرێ ڕەوین" لەپرۆسەی ئاشکرابوونی مێژووی کۆمەڵگا مرۆییەکاندا بەشێوازێك کە لە درێژایی زەمەندا بەکردەوە رووی داوە, بداتە دەست. ئەم باسە یەکەمجار دەربارەی شێوازەکانی بەرهەمهێنان وشێوەی زنجیرەیی ئەوان ڕاستە. تیۆری مارکسیتی مێژووی جیهان بۆ بەدواداچوونی وشكو برینگی شێوازەکانی بەرهەمهێنانی باو, ئەو جۆرەی لەتیوری یستالینی "پێنج قۆناغە"دا هەیە, نانەوێنێ. ئەم شێوازانەی بەرهەمهێنان, جۆرە دیارەکانی کۆمەڵگا – کۆیلایەتی, فیودالیزم, سەرمایەداری-دیاری دەکەن, کە بە دەگمەن لە فۆرمە "بێ خەوشەکەی" خۆیاندا دەبینرێت. دۆخی لاوەکی تر زۆرن. زۆربەی وڵاتان لەسەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا بەتەنیا خشتەی فۆرمی ناکاملی فیۆدالیزمنو زیاتر وڵاتانی جیهانی سێیەم تەنیا نموونەی نوقسانو بچووکی سیستەمی سەرمایەدارین. لەگەڵ ئەوانەشدا, شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان, بەزنجیرە پسانێك, بە ئالۆزییەك لەکاتو شوێندا بەداوی یەکدا دێن کە تیۆری مارکسیتی ناتوانێو ناشبێ راستەوخۆ باسیان بکات. ئەم پەرەم پەرەم بوونانە دەبێ بەیارمەتی چەمکە مارکسیەکان لەئاستی ئەزموونە بینراوە مێژووییەکان, شرۆڤە بکرێ.

دواجار دەبێ بوترێ کە شێوازەکانی بەرهەمهێنانی لەخۆوە لەرێچکەیەکی هێڵ ئاسا بەدوای یەکتردا ناخولقێنو هەر هۆزێك بەناچار لەهەموو ئەمانەوە تێپەر نابێت. ئەم جۆرە ناساندنە هێڵ ئاساییە دەمێکە بۆتە لەمپەری باسێکی جیددی لەمەڕ چوارچێوەی شێوازی

بەرهەمهێنانی "ئاسیایی" کە مارکس چاوێکی خێرای پێدا خشاندوە, لێ ئیستالین بەدواوە نەکەوتە بەر گرینگی پێدانی مارکسیتەکانی سۆڤیەت. بۆ وێنە لە چەشنی دیوانسالارییەکی دەوڵەتی گرینگ کە هێزەکەی لەسەر بناغەی دەورە ئیدارییەکەی وەستاوەو نەبوونی خاوەندارێتی تایبەتی زەوی لەچاخی کۆیلایەتیدا ئاماژە بە شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی دەکرێ.

کەچی ئەوشێوە بەرهەمهێنانە ئاساییەی کە مارکس وەك فۆرمێکی تێکلهەڵکێش لەهێزی حکوومی کە خاوەن فەرماندەییەکی بەرزی ئابووری هاوکات لەتەك زنجیرەیەك لە کۆمەڵە گوندییەکانی کەم تا کورت خود لە موختاری پێناسە کردبوو, رێگامان پێدەدات کە ڕەسەنایەتی زۆریەك لە کۆمەڵگاکانی پێش سەرمایەداری کە بەواتای رێکی مارکسیتی وشەکە نەکۆمەڵگای کۆیلایەتی بوونو نەکۆمەڵگا گەلێکی فیودالی, شرۆڤە بکەین. لەو جۆرە کۆمەڵگایانەی پێش سەرمایەداری, بەرهەم نە لەرێگای کۆیلایەتی تایبەتو نەلەرێی نۆکەری تایبەتەوە ڕەعەمەل نەدەهات.

سەبارەت بە مێژووی تایبەتی هەر قەومێکیش دەبێ بوترێ کە ئەو جۆرە مێژووانە بەکردەوە بریتین لە زنجیرە میکانیزمێکی تایبەت, پەرەم پەرەم بوون, گرێو گۆڵ, پێچەڵاوپووچی ناوچەیی, پاشەکشەکان, ناکۆکیەکان, زیندووکردنەوەیان درێژە پێدانی ژیانی توخمەکانی رابوردوودا کەلە کۆی پرەنسیپەکانی مارکسیزمدا لەتەکیاندا راستەوخۆ مامەڵە ناکرێ. راڤەی هەموو ئەم میکانیزمانە دەبێ لەچوارچێوەی گشتی تیۆری ماتریالیزمی مێژوییدا بەشێوەی دیاریکراو ئەنجام بدرێ. ئەو ئیشەی بەهیچ شێوەیەك سووك نیە. مارکسیزم هیچ چەشنە گەڵاڵەیەکی ڕێكو پێك بۆ مێژووی هەر قەومێك دەرنادا. نیشتنی مارکسیزم تا ئاستی زەبری ئابووری, گەلێك مەترسیدارە بەپێی ئەم بۆچوونە, کشانەوەی شێوازەکانی بەرهەم هێنان بەدژی ئەوەی ڕوو دەدات, جێگای خۆ لێبوردن نیە. "چەرخی مەزنی مێژوو دەگەڕێ" بەناچار سوسیالیزم وەك ئاکامی دژایەتیە بەرچاوەکان, هێزەکانو پێوەندێکانی بەرهەم دەگاتێ.

لەم روانگەیەوە سوسیالیزم خۆنەبوێرە, بۆ گێشتن بەوەی ئەوەندە بەسە چاوەرێی کارکردی دژایەتیەکان بین. لێ چینەکان لە رەخنەی خۆیان لە رۆیزیۆنیزمی سۆڤیەت, ئەم بۆچوونانەیان هێناوەتە گۆڕێ, کە پاشەکشەو نیشتن بەردەوام خۆنەبوێرە. ئەمەش یارمەتیەکی زۆر نوێیە بۆ دەوڵەمەندکردنی سۆسیالیزم. مارکس, وەك رۆڵەی سەدەی نۆزدەهەمو میراتگری چاخی رۆشنگەری, تەواو لەپشت بەستنو دڵخۆشکردن بە پێشکەوتنی مرۆڤ ئیلهامدەر بوو. ئەو گەشبینیەی کە لەبەر قەیرانە کانی سەدەی بیستەم نەهاتەدی.

چینیەکان دەڵێن: جووڵەی مێژوو جووڵەیـەکی مـار پێچییە. ئـەم تەوسـە هەرچییەك بێـت ئەو لێهاتووییەی هەیە کەباری ئالۆزی پێشکەوتنەکان وپاشەکشەکان کە مێژووی پێگەیشتنی هەرقەومێك لێورێژە لەوان پێشان دەدا. مارکسیزم, ئەم تیورییە شۆرشگێرانەیە کـە ئامـانجی تەنیا راڤەی رووناکبیرانـەی رابـوردوو بێـت, نیـە, لـە پێویـستیەکانی کـردەی کۆمەڵایەتیـەوە (social action) هاتە خولڤان. ئەم تیورییە لەبەر ئەوەی بەچەکێکی باشترەوە بگەرِێتەوە بۆ بەرەبەرەکانێ لەتەك هەنووکەدا سەدەکانی رابوردوو دەداتە بەر دیراسە.

لەگێرِانەوەی خوارەوەدا ئەنگێلس, یەکەم بوونی کـردەوەو خواسـتی هەنووکـە بـەرِوونی شـی دەکاتەوە "رووداو نوێیەکان (بۆ وێنە شۆرشی 1831ی کرێکارانی شاری لێون‌و بزوتنـەوەی چارتیستەکان لە ئینگلتەرا) پێداچوونەوەیەکی نـوێی گشت مێـژووی رابـوردووی سـەپاندوە. کەواتە بینرا کە گشت مێژووی رابوردوو بریتی بوو لە ململانێی چینایەتی, کـە ئـەو چـینە نەیارانـــە بـــەردەوام دەرکـــەوتی شـــێوازی بەرهـــەمهێنان‌و ئـــالۆگۆر- بـــەکورتی, (بەرهـــەمی) بارودۆخی ئابوری- دەورانی خۆیـان, کـە پێکهاتـەی ئـابوری کۆمـەڵگا بـەردەوام ئـەو بنـچینە راستەڤینەیە دەخولڤێنـێ کـە بەدەسـت پێکردنـی لـەوێوە ئێمـە دەتـوانین دوایـین گوزارشـتی گـــشت رِووکـــارە حقوقیـــەکان‌و دامـــەزراوە سیاســـیەکان هـــەروەها تێگەیـــشتنە فەلـــسەفی‌و ئاینیەکانی هەر دەورانێکی مێژوویی دیاریکراو تۆمار بکەین.

هەنووکە ئیتر ئایدیالیزم لـەدوایین حەشارگەکەی, واتـە فەلـسەفەی مێـژوو تورِدرابـوو, ئـیتر مێژوو لەرِوانگەیەکی مەتریالیزمی تۆمارکراوەوە سـەیری دەکـرا, شـێوازێکی نـوێ دۆزرابـۆوە کە بەپێی ئەوە تێگەیشتنی مرۆڤ لەرێگای ژیانی راستەڤینەی ئەوانەوە رِوون دەکراوە . نەك بەپێچەوانەوە, واتە ژیانیان بەپێی تێگەیشتنەکەیان.

لەوەی بەدواوە ئیتر سوسیالیزم دۆزینەوەیەکی لەکوت‌و پرِی ئەم یـان ئـەو بیرمەنـدە نـەبوو, بەڵکو دەرەنجامی پێویستی ململانێی نێـوان دووچـین بـوو کـە بوونایـەتی مێـژووییان پەیـدا کردبوو- پرۆلتیاریاو بـۆرژوازی –ئـەرکی ئـەو ئـیتر ئـەوە نـەبوو کـە دەزگایـەکی کۆمەڵایـەتی تەواو رێك‌و پێك بخولڤێنێ. بەڵکو دەبوو بەدوا دا چوونی رووداوەکـان کـە چـینەکان‌و ئاشـت نەبوونەوەیان لەوەوە سەرچاوەی دەگرت, لەروانگەی ئەبستراکتی مێژوویی- ئابورییەوە بخاتە ژێر پێداچوونەوەو لەبارودۆخێکی ئابووریدا کە ئاوا خولقا بوون, ئامرازی کۆتاییهێنـان بـەم کێـشەیە بدۆزێتـەوە. کەواتـە مارکـسیزم تـەنیا سـەراو نخـوون کردنـی شـێوەی بـەرەنگار بوونـەوەی فەلـسەفەی باونیـە کـە ئێمـە فێـری بـووین, نەخوازانـە دووپـاتی کەینـەوە, واتـە وەرگێرِانی ئایدیالیزمی کۆن‌و راوەستاوی ئـەو. بـەڵکو بـەمانای وەرگێرِانـی بنـەرِەتی شێوەی بەرنگار بوونەوەی مێژوویی باویشە, لەمارکسیزمدا ئـەوە هەنووکەیـە کەبەسـەر رابـوردوودا

زاڵە، نەك بەپێچەوانەوە. ئەم رووە لەمەسەلەكە ئەوەندە لەسەر شێوەی باوی بیركردنـەوەی ئێمەدا گرانە كە زۆر جاران، هەموان "مێژوو نووسە ماركسیتەكان" زیاتر لە ئـەوانیتر خـۆی لێ دەبوێرن.

هێنری لێفێڤر (henry lefevre) لەبەرهەمەكەیدا بەناوی كۆتایی مێژوو ئاوا جەخت دەخاتە سەر ئەو سەرەو نخوونیە:

"مـاركس شـێوازی بەرامبـەر بوونـەوەی مێـژوو نووسـی بـەڕوونی دیاریكرد. مێـژوو نـووس لەهەنووكـەوە دەسـت پێـدەكاتو ناتوانـێ جگـە لەمـە بكـات: ئـەزموونی پراكتیكـی ئـەو هەڵێنجاندنانـەی كـە لـەحاڵی گشتگیربووندان. شێوەی بەرامبـەر بوونـەوەی ئـەو شـێوازێكی رابوردووبینە. ئەو لەجیاتی لەبەر چاوگرتنی گشتێكی لێڵ لەهەنووكەوە دەگەڕێتەوە بـەرەو دواوەو دوای ئەو بەرەو واقیعی ئێستە، كە بەو شێوەیە راڤەو شیتاڵ كراوە، دەگەڕێتەوە. ئەم بنـەماو شـێوازە میتودولۆژكیانـە زیـاتر پێـدا چوونەوەی گـشتیان هەیـەو بـوونی بـە سـاڵا چووەكان رێگای تێگەیشتن لەمناڵانو مرۆڤو رێی تێگەیـشتن لـە مـەیموونمان پێـدەدات. دەنـا بە پێچەوانەوە نەمناڵانو نەمـەیموونیش نـاتوانن خۆیـان لـە داهاتوویـەكی گـشتی كـە تـەنیا بەشێك لەمێژووی ئەون- مێژووی سروشتی، كۆمەڵایەتی یان دەروونی- جیابكەنەوە.

تەرەمـەی منـاڵان بەڕادەیـەكی تەسـەل لـەناو بەسـاڵا چووانداو هـەروا تـر هـی مـەیموون لـە مرۆڤدا بوونی هەیە. بەجۆرێك كە لە پێداچوونەوەدا بتوانرێ بەرەو هەنووكە بگەڕینیـەوە، ئەو هەنووكەیەی كە سیما جیاوازەكانو مـاكی ئەفراندنـە هەسـت پێكراوەكەی باشـتر دركـی پێدەكرێ"

بـەپێی ئــەم تێگەیــشتنە، بــەگوێرەی بــڕوای مــاركس، كۆمەڵگــەی بــۆرژوازی لــەڕێی پێداچــوونەوەی رابــوردوو تیــشك دەخاتــە ســەر كۆمــەڵگای فیــودالی. هــەروەها ئــابووری سـەرمایەداری تیـشك دەخاتـە سـەر ئـابووری سـەدەكانی ناوەراسـتو چاخی دێـرین. داهـاتی زەویو دەورەكەی دەبێ دیراسـە بكرێ تـا دیاردەی داهـاتی زەوی لـە كۆمـەڵگاكانی تـر- وەك مالیات، دەویەك، بیگاری- واتە جۆرە جیاوازەكانی داهات، درك بكرێ. "كۆمـەڵگای بـۆرژوازی ئاشكراترینو فرە چەشن ترین فۆرمی رێكخستنی كۆمەڵایەتیە لەمێژوودا. ئەو گوتەزایانەی كە بێوەندێكانی ئەم كۆمەڵگایە باسی دەكەنو پێكهاتەكـەی شـرۆڤە دەكـەن. هـەروەها رێگـای تێگەیشتنی لەپێكهاتەو پێوەندییەكانی بەرهەم لەكۆمەڵگا كۆنەكان، بەئێمە دەدەن".★

مــاركسو ئــەو كرێكارانــەی مــاركس وتەبێــژیان بــوو، لەبەربــەرە كــانێی خۆیانــدا دژی ســەرمایەداری هــەوڵیان دا كــە وەك دیاردەیــەكی رێبــوار لــە قۆناغــە مێژووییەكانــدا لەسەرمایەداری تێبگەن. ئـەوان خـەریكی دیراسـەی رەگـەكانی ئـەوەبوون بـۆ ئـەوەی بتـوانن

دۆخو بـاری رووخانەکـەی پێناسـەو پێـشبینی بکـەن. ئامانجیـان پێـشاندانی ئـەوە بـوو کـە سـەرمایەداری تـەنیا فـۆرمی رێبـوارە لـە گوتـاری گـشتی تـری- شـێوازی بەرهـەمهێنان کـە لـە رابوردوودا فۆرم گەلی تری هەبووە. بۆیە لەداهاتووشدا فۆرم گەلی تروە خۆ دەگرێ مـارکسو ئـەنگێلس لەبـەر رووت کردنـەوەی میکـانیزمی چەوسـاندنەوەی سـەرمایەداری کەلـە پـێش چاویان بوو ناچار بوون روونی بکەنەوە کە ئەم شێوازە بەرهەمهێنانە لەکوێوە هـاتووە بـەو هیوایەی کە روونی بکەنـەوەو پێشانی بدەن کـە دەکـرێ کۆتاییـشی پـێ بێت. هـەروەك چـۆن شـێوازەکانی تـری بەرهـەمهێنان لەمێـژوودا گەیـشتبوونە کۆتـایی. مـارکسو ئـەنگێلس ناچاربوون سروشتی نـاوەکی (قـووڵی) شـێوازەکانی تـری بەرهـەمهێنان پێناسـە بکـەنو یاسـا بنەرەتیەکانی روون بکەنەوە. مارکس کۆمەڵگا سـەرەتاییەکانی- ئاسـیای دێـرین, یۆنـان, رۆم, سـەدەکانی ناوەراسـت- شـیکردەوە تـا نـاوەرۆکێکی گـشتگیر تـر بداتـە گوتـە زای "شـێوازی بەرهەمهێنان". شیکردنەوەی مارکس هەر ئەمەیەو هیچی تـر نیـە. کەواتـە مـارکس بـەهیچ شێوەیەك, "مێژوو نووسێکی مارکسیـست" نـەبوو بـەو واتایـەی کەلـە کـۆڕە "چـەپیە"کـانی ئاکادیمیای فەرەنسا, مۆسکۆو تۆکیۆ دا باوە. واتە لەو شوێنانەی کە دەزگای حزبـیو زنجـیرە پێوەندی بنکە زانستگاییەکان بە ئیشتیا تێکلهەڵکێشراونو هاوکاری یەکدی دەکەن.

مـارکس هیـچکات وەك چـالاکیەکی رووناکبیرانـە, بـەواتای رەهەنـدێکی سـەربەخۆی زانـستی سەیری دیراسەی رابوردووی نەدەکرد. دەتوانین لەمێژوو نوسی مارکسیـستی فەرەنـسا, پیـەر ڤـیلار (p.vilar) فاکت بێنینـەوە کـە دەڵـێ: مـارکس هیـچکات هـەوڵی نـەدا تەنانـەت کورتـە گەلاڵەیەکی مێژووی ئیـسپانیا بنوسـێتەوە, ئـەو مێـژووەی لەنزیکـەوە دەیناسـی. ئـەو زیـاتر حەزی لەراڤەی ئیسپانیای زەمانی خۆی لەروانگەی مێژوویی – واتە لەروانگەی سیاسی یـەوە بوو. بەم پێیە بەپێچەوانەی ئەوەی هەندێك کەس پێیـان وایـە, بـێ سـەمەرو ناماقوولانەیـە ئەگەر خوازیاری "مارکس دەورانی فیودالیتە" یان "مارکسی دەورانی کۆیلایەتی"بین لەبـەر ئەوەی لەم جۆرە تێگەیشتنە لـە مارکسیزم, بنـەما سـەرەکیەکەی, واتـە کـردەی کۆمەلاّیـەتی لەبەرچاو نامێنێ. ئامانجی مارکس تـەنیا تێگەیـشتنی لـە دونیـا نـەبوو, بـەڵکو گـۆڕینی ئـەو بوو. ئەم راستیەیە گوزارشت لە جیـاوازی چییەتیو بنـچینەیی لـەنێوان دیراسـەی ئێمـە لـە کۆمەڵگای سەرمایەداریو کۆمەڵگا سەرەتاییەکان دەکات. بەپێچەوانەی ئەوەی هەندێك کەس بە ئاخو تاسەوە باسی دەکـەن, بـەهۆی "کـەمی کـات" نـەبوو کـە مـارکس هیـچکات خـەریکی راڤەیـەکی سـیتماتیكو هـاوتوخمی کۆمەڵگـە "ئاسـیا"ییـەکان, یۆنـانی دێـرینو رۆم یـان سەدەکانی ناوەراست فیودالی نەبووو لەم بـوارەدا خـۆی بـە ئامـاژە گـەلێکی پەرتـەوازە لێـرەو لەوێ لەگشت بەرهەمەکانیدا بەستەوە. "کولتووری مێژوویی" ئەو ئەوەنـدە بـەرفراوان بـوو

که بەدڵنیاییەوە بتوانێ خەریکی ئەم ئەرکە بێت! بەڵام هەڵبژاردنی ئەو سیاسی بوو, زانستێکی وردو سیتماتیك لەرابوردو وە بۆ ئامانجێکی خۆیی تەواو نەبوو. مارکس رەنگە "مێژوو نووسێکی مارکسیست" نەبووبێ, بەڵام بەدڵنیاییەوە رووناکبیرێکی شۆرشگێربوو. چالاکیە رووناکبیرانەکەی ئامانجێکی جگە لەوەی نەبوو کە بەربەرەکانێی خەڵك وەجووڵە بخاو بەپێی توانایی خۆی پشتیوانی لێدەکاو هاورێ لەگەڵ کەسانێك کەلەم بەربەرەکانیەدا تێهەڵچوون, تیشکی خستە سەر ئامانجو ئەوپەری ئەم خەباتە.
نوقم بوونێکی ئایدۆلۆژیك لەدیراسەی وردی شۆرشی فەرەنسا, ژیواری یۆنان, ئیسپانیای هاوچەرخ, یان تەنانەت هەڵچوونی وەرزێرەکان یان بزوتنەوەی کرێکاری بەکەڵك وەرگرتن لە ئامرازەکانی راڤەی مارکسیتی بەواتای لەبیرکردنی ئامانجە سەرەکیەکانی مارکسیزمە. چونکە ئیشێکی ئاوا بەمانای دوورکردنەوەی ئەو ئامرازانەیە لەئەرکە سەرەکیەکەیان. هەرچەندە "مێژوو نووسی مارکسیست " لە پانتاییەکی دوور لە پراکتیکی کۆمەڵایەتیدا ئیش دەکات, هێشتا جێگاو پێویستی بۆ دیراسەی رابوردوو هەیە, رابوردووی دوورو نزیك هەردووکیان. رابوردوویەك کە بەئاشکرایی لەگەڵ خەباتی چینایەتی هەنووکە چ لەگەڵاڵە کردنی مەسەلە داو چ لە وەڵامدانەوەی دا, پێوەندی هەیەو لەهەمان حاڵدا لە دەسکەوتە تیوریکیە مارکسیستەکان کەڵك وەردەگرێ. یان چەمك رِشتنی تیوری ئاکادیمیك لەگەڵ چێژی مارکسیسدا, یان دروستکردنی پێوەندییەکی چالاکی لەگەڵ رابوردوو لەسەر بنەمای مارکسیزم..مێژووی شۆرِشگێری پێویستی بەکام یەك لەم دووانە هەیە؟

سەرچاوە: کتاب جمعه, هەفتەنامە سیاست
وهز. سال اول- شهریورماه 1358
کارل مارکس, گروندریسە grundrisse